# یەکگرتو لە ماتەمینیدا

**بەختیار کەریم**

کارەساتی ڕەشی ڕۆژی 2004/02/01، هێند سامناکە و سیمبوڵەکانی هێند گەورەن، هەڵدەگرێت بە کتێب لەسەری بنوسرێت. ڕەهەندەکانی لەوە فروانترن بتوانین لە ئێستادا وەڵامی کۆنکریتی بۆ پرسیارەکانمان ببینینەوە. پێدەچێت بۆ ماوەیەکی درێژیش وێڵ بین لەدوی وەڵام بۆ ئەو پرسیارانەی کە زادەی ئەو کارەساتە سامناکەن و ئەو پرسیارە کۆنانەش کە لە فۆرمێ نوێدا خۆیان دەسەپێننەوە. هەر بۆیە ئەرکی سەرشانی هەموانە کە بۆچوونی خۆمان هەبێت، خەم و ترسی تایبەت بە خۆمان هەبێت هاوشان بەو خەمە گەورەیەی کە هەموان پێکەوە گرێدەدات و چارەنوسمان دەبەستێتەوە بەیەکەوە.

لە ئێستادا لە هەموو شتێک گرنگتر گۆڕینی تێڕوانیننمانە بۆ جیهان و دەوروبەرمان، گۆڕینی سلۆکی سیاسیمانە، گۆڕینی دیدگامانە بۆ سەرکردە پاش ئەوەی تێگەشتین کە ئەوانیش وەک تاکە ئاساییەکانی ناو کۆمەڵگای کوردی لە بەردەم هەڕەشەی ڕاستەوخۆی دوژمنانماندان و چیتر قەڵاکان پەنایان نادەن، بەڵکو تەنها پەناگەیەک کە بتوانن لێی بسرەوێن و تیایدا پارێزراوبن ئامێزی گەلە.

کاتی ئەوە هاتوە ئەگەر درەنگ نەبێت فشار لەسەر سەرکردە کوردیەکانمان دروست بکەین لە کاتێکدا ئەوانیش وەک ئێمە بەشدارن لەم ماتەمینییە نەتەوەییەدا، پێیان بڵێین کە پێویستە گوێمان لێ بگرن، لە کەناڵە تەلەڤزیۆنییەکانی خۆیانەوە ببنین کە یەکەم هەڵویستی خەڵک لەپاش ئەو کارەساتە، هاوار و نزایە بۆ یەکگرتنەوە. ببینن چەند جەرگ بڕە ژنە کوردێکی هەژار کە لە چاوانیا دیارە چیها چەرمەسەری دیوە بە قورگێکی پڕ لە گریانەوە هاواردەکات یەکگرنەوە.

یەکگرتنەوەی دوو ئیدارەکە و پەرلەمان بە شێوەیەک کە بڕیاری سیاسی لەم ساتەوەختە چارەنوسسازەدا بە یەکگرتوویی و شەفافی بدرێت، پێداویستیەکی هەنوکەییە. تا ئەوە هەوڵێک بێت بۆ یەکخستنی گوتاری سیاسی نەتەوایەتیمان، گوتارێک کە هەمووومان کاری بۆ بکەین بە جیاوازی بیروبۆچون و ئینتیمای سیاسیمانەوە. نەک یەکگرتنەوە لە سیناریۆیەکدا کە هەوڵێک بێت بۆ ڕازیکردنی جەماوەری کورد لە لایەک و بەکارهێنانی وەک کارتێکی فشار لەسەر ئاستی عێراق لە لایەکی ترەوە. چونکە ئەم شێوە یەکگرتنەوە کارتۆنیە دەبێتە هەڕەشەیەکی زیندوو لە ئایندەی دیموکراسی لە کوردستان بەتایبەتی و عێراق بەگشتی.

هەنگاوی جدی بۆ یەکگرتنەوەیەکی جدی پایە و پێگەی کورد لە عێراقی ئایندە و لە ناوچەکە بەهێز دەکات، کاریگەری گەورەشی دەبێت لەسەر چەسپاندنی مافی فیدراڵی بۆ گەلی کورد وەک سیستمی حوکم لە عێراقێکی دیموکراتیدا. ڕاستیەکی حاشا هەڵنەگرە کە ئەم فرەدەنگی و یەکنەگرتوییەی حیزبە کوردیەکان بە گشتی و پارتی و یەکێتی بەتایبەتی فاکتەری سەرەکین لە پشت بەهەند نەگرتنی دوا ڕەواکانی گەلی کوردەوە لەلایەن هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکانەوە بە کێشەکەوە.

پێم باشە لێرەدا خاڵبەندیەک بکەم بۆ ئەو هەنگاوە گرنگانەی کە لە ئێستادا ئێجگار پێویستن بنرێن، بە ئومێدی ئەوەی لەلایەن نوسەران و ڕوشنبیرانەوە قسەی زیاتری لەسەر بکرێت، جەماوەریش فشاری پێویست لەسەر دوو حیزبە سەرەکییەکە و سەرانیان دروست بکەن، تا بتوانین یەکگرتو بین لە ساتەوەختی پرسە و ماتەمینیدا ،هەروەها ئەم باردۆخە خەمناک و سامناکە بەشێوەیەک بگۆڕین کە لە خزمەتی کورددا بێت و پێچەوانەی خواستی دوژمنانمان بێت:

1) ئاشکرایە کە یەکخستنەوەی بەشێکی دوو ئیدارەکە کاری بۆ کراوە، بەڵام گرنگە کە تەواوی ئیدارەکان یەکبخرێنەوە، لە پێناو یەکخستنی هەموو توانا مرۆیی، مادی، مەعنەوی، و زانیاریەکان....هتد، بەشێوەیەک کە بخرێنە خزمەت جەماوەری تینوو بۆ یەکگرتن و برنیدار بە کارەساتی ڕۆژی 2004/02/01. هەروەها بۆ پاراستنی خەڵکی کوردستان لە شاڵاوی تیرۆر، کە لە ئێستادا زەنگی ئەگەرێکی سامناکە.
2) ئاشکرایە لە کاتێکی وەک ئێستادا یەکخستەوەی تەواوی ئیدارەکان کارێکی گرانە لە ڕووی کردارییەوە بەڵام مەحاڵ نیە، ئەگەر ئەم کارە کرا ئەوا کاریگەری گەورەی دەبێت لەسەر بەهێز پیشاندانی کورد لە عێراق، دواتریش ئەمە بۆ خۆی دەبێتە فشار لەسەر دەسەڵاتدارانی ئەمریکی و سیاسەتمەدارانی عێراقی، هەروەها ناچار بەمامەڵەکردنیان دەکات لەگەڵ دۆزی گەلی کورد کە سەرکردایەتیەکی سیاسی یەکدەنگ و بەهێز نوێنەرایەتی دەکات، بە پێچەوانەی ئێستاوە.
3) ئەگەر یەکخستنەوەی سوپا و <دارایی> کارێکی زەحمەتە، ئەوا لەپاش ڕوداوی خۆکوژی 02/01 یەکخستنەوەی هێزەکانی ئاسایش پێداویستیەکی لە ڕادەبەدەر گرنگە و نابێت پشتگوێ بخرێت، تا هەوڵی پتەوکردنی هێزەکانی ئاسایش و پەیوەندیەکانیان لەسەر ئاستی شارەکان بدرێت بۆ ئەوەی بتوانن بەر بە کاری تیرۆرستی بگرن لەهەر جێگایەک بێت لە کوردستان. بە واتایەکی تر یەکگرتنەوەی هێزەکانی ئاسایش ئارامیەک بە جەماوەر دەبەخشێت، جگە لەوەش کاری خودی یەکەکانی ئاسایش ئاسانتر و کاریگەرتر دەکات.

4) تەرخانکردنی کەناڵێکی تەلەڤزیۆنی ئاسمانی بۆ گەیاندنی دەنگی هاودەنگی کورد بە خودی کورد لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات و بە جیهان، هەروەها بۆ وەستانەوە لە ئاستی ئەو هەموو شێواندنانەی بە مێژووی کورد و کاراکتەری نەتەوەیی کورد دەکرێت لەژێر ناوی دیموکراسی و سەربەستی ڕاگەیاندا لە کەناڵە ئاسمانییەکانی وڵاتانی ناوچەکەدا. وێڕای بەرزکردنەوەی ئاستی هوشیاری و ڕۆشنبیری جەماوەر و ئاگادار کردنەوەیان لە خەتەرەکانی تیرۆریسم و ناساندنی سەرچاوەکانی، لەسەرو هەموو ئەوانەشەوە رێکخستن و ئاراستەکردنی ڕای گشتیە لە کوردستان کە ئەویش لەلای خۆیەوە داوا ڕەواکانی گەلی کورد زەقدەکاتەوە لە عێراق و ناوچەکە و هەوێنێکیش دەبێت بۆ ڕاگەیاندنی سەربەست و پرۆسەی دیموکراسی. نەک وەک ئێستا دوو کەناڵی ئاسمانی کە خزمەتی هەر یەک لە دوو حیزبە گەورەکە دەکەن، بگرە هەندێک جار کاردانەوەی خراپیشیان هەیە. چۆنێتی کردنی ئەم کارە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو شارەزایانەی کە لەو بوارەدا کاردەکەن لە کوردستان، بەڵام بەدیهێنانی بەتەواوی بەستراوە بە هەڵوێستی پارتی و یەکێتیەوە و تا چ ڕادەیەک خەمخۆری دۆزی کوردن بەر لە حیزبەکانیان. ئەگەر پارتی و یەکێتی ئەم کارە زۆر گرنگەیان کرد ئەوا هیوایەک بە گەلی کورد دەبەخشن و دەتوانن خۆیان وەک نوێنەری ڕاستەقینەی کورد پێشکەش بکەنەوە لە ڕێگای دۆزینەوەی شەرعییەتی نوێی کۆمەڵایەتیەوە.

5) بێگومان دەکرێت ئەم پرۆژەیە فراوان بکرێت و رۆژنامەیەکی ڕۆژانەی سەربەخۆش لە خۆ بگرێت، بە هەر ناوێکەوە بێت گرنگ ئەوەیە دەربڕی بیروبۆچونی گۆمەڵگای کوردی بێت و ڕەنگدانەوەو گوێزەرەوەی ڕای گشتی شەقامی کوردی بێت نەک ئەم حیزب یان ئەو حیزب. ئەم جۆرە ڕۆژنامەیە دەکرێت بە زمانەکانی کوردی، عەرەبی، و ئینگلیزی ڕۆژانە دەربچێت.

کۆتایی: کارەساتی دڵتەزێنی 02/01 جگە لەوەی زەنگێکی خەتەرناکە، ڕوداوێکی ئێجگار دڵتەزێنە کە کورد بەگشتی لەهەر کوێ بن یان خەڵکی هەر بەشێکی کوردستان بن و سەر بەهەر گروپ و لایەنێک بن پێی دڵتەنگ و پرسەبار بوون. دەکرێت ئەمە بکرێتە سەرەتایەک بۆ کۆکردنەوەی دەنگە جیاوازەکان لە دەووری خاڵە هاوبەشەکان و کارکردن لە پێناو بەدیهێنانیان. ئەو ناونیشانەی سەرەوە یەکگرتو لە ماتەمینیدا (**united in grief**). لە وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا پاش 09/11 بەکارهات، کاتێک

گەلی ئەمریکی لەو ماتامینیە مێژوویییەیاندا یەکگرتوانە گریان و تاوانبارانیان سەرکۆنەکرد. دەکرێت ئەم شێوازە بۆ یەکگرتنی جەماوەری لە کوردستان سوودی لێ ببێنرێت، بەڵام ئەوەی پێویستە یەکبگرێت سەرکردایەتی کوردە نەک گەلی کورد، ئەوەی کە تەواو ئاشکرابوو لەم چەند ڕۆژەی ڕابوردودا یەکێتی گەلی کورد بوو، بەڵام ئەفسوس حیزب و سەرکردایەتی کوردی فرەدەنگ و فرەئیدارەیە. لێرەوە پێویستە لەسەر سەرکردایەتی کوردی یەکبگرن لە دەوری جەماوەرێکی یەکگرتو، جەماوەرێک کە زەنگی خەتەرەکان هەست پێ دەکات و پێی وایە ئایندەیەکی سامناک چاوەڕێیەتی، هۆکاری سەرەکی ئەوەش یەکنەگرتویی و پارچە پارچەیی سەرکردایەتی کوردیە. کەواتە ڕێگەی دەرچوون لەم قەیرانە تەنها یەکگرتنی ئیدارە ویەکخستنی هەڵوێستی سیاسیە.

04/02/2004
OXFORD, ENGLAND